# ئەگەر من بووم بە وێنە کێش...؟

هونەری مۆدێرن ئەو خەیاڵیە، کاتێک وێنەکێشەکان لەدەرەوەی شەهوەت وازلە سەیری مێینەکان دێنن وپێیان وایە فیکرەیەکیان هەیە.
ژۆن سیاردی

## حسێن ئەحمەد-فەرەنسا

ئەگەر من بووم بە وێنەکێش، وێنەی تەواوبوون دەکێشم!
وێنەی نائومێدی، کاتێک بەفرینەکانم ڕازی نییە...
وێنەی کسپە، کاتێک تکە دەکا و غەمگینیم دەکات بە فوارە...
کاتێک دەڕژێ و خەیاڵم هەلا هەلا دەکات..
وەکو چۆن منداڵێک داهاتوو لەزەینی خۆی بار دەکات و دەڕوات،
من هەموو ڕەنگەکانم لە خۆم بار دەکەم و دەڕۆم...
هەموو زەخمەکانم، هەموو زەجە کانم،
هەموو بوورکانەکانم لە خۆم بار دەکەم و ئەڕۆم...
ئەڕۆم و وەفا ڕەنگ دەکەم، ئەڕۆم و داهاتوو دەکەم بە داهاتوو،
ئەڕۆم و هاوار بێدەنگ دەکەم.

ئەگەر من بووم بە وێنە کێش، وێنەی تۆ دەکێشم...
وێنەی ئاوارەبوونت لە ناو هۆشیاریدا..!
وێنەی بیرکردنەوەت لەدڵ، کاتێک پارچەپارچە دەبێت!
لەسەر دەستت ئەو شتانە درووست دەکەم کە لەمندا تەنهان
ئەو هاوارانە دەکێشم کەلەناو خۆتدا نین..

ئەو دەنگانەی کە لە مندا ناگەنەوە هەوا..!
وێنەی زۆر دەکێشم!
هەرکەدڵنیابووم ژێرخانی ئەم ئەستێرەیە کەوت...
هەر کە دڵنیابووم قات و قڕی  خودا دەستی پێکردووە!
بەشەهووەت وێنە دەکێشم،  بەزەوقی جووت بوونم لەگەڵ چڵێک گیادا!
بەخوێنم کەلەگەڵ خوێنی  پشیلەیەکدا دەبێتە یەک!
من وێنە دەکێشم،  وێنەی پێکرانی باڵندەیەک...
وێنەی  شەوی پەردە، کاتێک  مانگ دەکەین بە حەرەس!
کاتێک  خوا ناو بژیمان  ناکات!!
ئەگەر من بووم بە وێنەکێش
وێنەی تۆ دەکێشم،  وێنەی  ڕوانینت بۆ سەر ئاو...
وێنەی بزربوونت، کەتەنهایی لە نەبوونی  تۆدا دێتە ئێرە!
کەفڕین لەنائاسمانیتا  فیرارە لە ئاسمان!
هەر دەبێت ببمە وێنەکێش.
تابەخەیاڵەوە مانەندی تۆ، مانەندی خودایەک بکێشم،
مانەندی مەلەکێکی گریاو، کاتێک بەڕەنگەکانم ڕازینییە..!
من مانەندی تۆ دەکێشم،
مانەندی بارانەکانت کەتیامادڵۆپەدەکەن.
مانەنەندی نائومێدییەکانت،کەوەک چەقۆ بەسینەمدا هاتوون...
وەک فیرار کردن لەدۆزەخ، وەک ڕاکردن لەئاسمان و گەڕانەوەمان بۆی،
من لەتۆ هەڵدێم و دڵی تۆ وەک تفەنگ دەنێم بەسینگمەوە.
بوونی تۆ وەکو تیر لەسەفای خۆم دەدەم..!
پیاتدا دەپەڕمەوە، پیاتادێم،  بەناوتا تاریکی ڕەنگ دەکەم

بەناوتا سپێدە دەکەم بەسکێچ و ڕۆشتنمی تیادەڕازێنمەوە

چەخماخە دەکەم بەهوونەر و داهێنان لەسەرنامورادیت دەکەم

بەم جۆرە وێنەی تۆ دەکێشم،

ڕەنگت دەکەم ، تاخودا نەتوانێت ڕەنگت کات.

تانیتشە قامچییەکەی خۆی دانێت

خەیاڵی لەسەر ڕووت فڕێبا و بەتۆبلێت کۆیلەم.

کاتێک من بووم بە وێنەکێش

بەهوونەر بێهوونەریت بەرەوهوونەر دەبەم

بەجۆرێک دونیات بۆ پەت دەکەم،  تریفەپاسەوانیت بکات

چەخماخە  ببێتە کابانت،  جەهانم شەبەنگت بۆ هەڵکات

من ئاوا دەبم بە وێنەکێش

ئاواتۆ ئارایشت دەکەم، تاخودا مانگ دابەزێنێ و

تۆ بخاتەشوێنی.

Hussein.ahmed@hotmail.fr